گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مۆدێلە تیۆرییەکانی شیکردنەوەی پەیوەندیی پاشخانی کۆمەڵایەتی بە بەشداریی سیاسییەوە - توێژینەوەیەکی تیۆرییە[1]

Dr. Muhammed Hussain Shwani
Ass.lect: Jalal Ahmed Abdullah
Salahadin University – College of Art

زانیاری توێژینەوەکە

وەرگرتن : ٢٠١٩/٧/٢٨
پەسەند کردن : ٢٠١٩/٩/١
بڵاوکردنەوە: پایزی ٢٠١٩
Doi : 10.25212/lfu.qzj.4.4.8

وشە سەرەکییەکان:

Politics, Theory, Sociology, Time, Money

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی هەردوو مۆدێلە تیۆریی باری سۆسیۆ – ئابووریی و سەرچاوەکانی بەشداریی سیاسی، گەنگەشەیەکی تیۆریی پەیوەندیی پاشخانی کۆمەڵایەتیی تاکەکان بە بەشداریی سیاسییەوە دەکات. مۆدێلی یەکەم بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت، ئایا باری سۆسیۆ – ئابووریی تاکەکان وەکو ئاستی خوێندەواریی و پیشە و داهات، لە مۆدێلی دووەمیشدا، توانای بەخشین (پارە)، کات و کارامەیی مەدەنی، چ پەیوەندییەکیان بە بەشداریی سیاسیی تاکەکانەوە هەیە؟ توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لەنێوان پاشخانی کۆمەڵایەتیی تاکەکان و بەشدارییان لە سیاسەتدا، پەیوەندی هەیە، بەڵام بەپێی ئەو ئەنجامانەی لە ئەزموونکردنی هەردوو مۆدیلەوە تا ئێستا خراونەتەڕوو، جۆرو ئاراستەی پەیوەندیی هەردوو گۆڕاو بەیەکترییەوە، ناڕاستەوخۆ و ڕێژەییە بەجۆرێک کە بەپێی جۆر و شێوەی بەشدارییکردن، باری دیمۆگرافی، دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێ. بەوواتایەش ئاستی خویندەواریی و پیشەو داهات لە هەموو کۆمەڵگا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باردۆخیکدا، کاریگەریی ئەرێنیان بەسەر کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسیی خەڵکییەوە نییە، بەڵکو لە هەندێ ڕەوش و کۆمەڵگادا، خراپی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، پەیوەندییە خێزانی و هاوخوێنییەکان، تۆڕەکانی سازدانی سیاسیش، لەو هۆکار و گۆڕاوانەن کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنیان بەسەر جۆرو ئاراستەی بەشداریی سیاسی تاکەکانەوە هەیە. کەواتە دەرفەت و هەلی یەکسان بۆ بەشداریی سیاسی، هەر تەنها بە زەمینەسازیی سیاسی و یاساییەوە بەند نین، بەڵکو بەوەشەوە بەندن کە ڕەوشی ژیانی تاکەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی – ئابووریی و ئەو سەرچاوانەی بۆ بەشدارییکردن هەیانە، چەندە لەیەک دەچن.

## پێشەکی

هەرچەندە بایەخدانی توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی سیاسی و زانستی سیاسەت بە پەیوەندی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی، ڕابردوویەکی زۆر کۆنی نییە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو(Dayican ،Van deth 2001 و 2010 Bond and Smith 2013)، بەڵام تا بەرە بەری کۆتایی ساڵانی پەنجا و سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردووش، بە ئامانج و چوارچێوەی توێژینەوەکانەوە دیارە کە چەندە بەرتەسك و سنووردار بوون و ،زیاتر ئەو چالاکیانەیان بە بەشداریی سیاسی ناساندووە کە پەیوەندیداربوون بە کاری حیزبی و پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، لە پەیوەندیاندا بە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی جۆری سستێمی سیاسی بە جۆرێك کە ، چۆن و بە چ شێوەیەك بوونەتە مایەی بوونی جیاوازیی لەرەفتاری دەنگدانی هاوڵاتیان لە وڵات و کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە (Rokkan 1962 و Ruedin 2007).

لە کۆتایی شەستەکانەوە، شەپۆلێکی ناڕەزایی سیاسی بەرفراوان وڵاتانی پیشەسازیی و دیموکراسی گرتەوە وەك ئاماژەیەك بۆ نزمبوونەوەی ئاستی متمانەی هاوڵاتیان بە حکومەتەکان، هاوکات لەگەڵ ڕوودانی کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشهاتی نوێ لە ڕەوشی

ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو کۆمەڵگایانەدا کە ئیتر جۆرێك کارامەیی سیاسیی نوێیان لە تاکەکان دەویست؛ یا بەمانایەکی تر دەست لە شێوە نەریتییەکانی بەشداریی سیاسی هەڵگرن. ئەم ڕەوشە جۆرێك لە ناسەقامگیریی سیاسی لە هەندیک لە کۆمەڵگاکانی رۆژئاوادا هێنابووە ئاراوە کە بۆ بیرمەند و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، مایەی سەرنج و پێویست بە شرۆڤەکردن بوون (Barnes and Kaase 1979)، بەتایبەت دەرکەوتنی چەند بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و ژنان بەتایبەت، رێکخراو و بزاڤگەلێکی دژ بە شەڕ و توندوتیژیی وەك شێوەی نوێی بەشداریی سیاسی لەو سەردەمدا، هەر زوو وەك شێوە زاڵ و دیارەکانی بەشداریی سیاسی خۆیان ناساند (Dayican, 2010, p.48).

لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا، توێژینەوەکانی بواری بەشداریی سیاسی چوونە قۆناغێکی نوێوە، مەودای نێوان هەڵبژاردنەکانیش، بەشێوەیەکی زۆر وورد خراونەتە ژێر باری سەرنج و لێتوێژینەوە (Ruedin, 2007, p.4). بەوواتایەش، ئیدی مەرج نییە تێگەیشتن لە بەشداریی سیاسی و ئەو شێوانەی پیادە دەکرێن، هەر تەنها مەحکوم بن بەو دەق و بنەما یاساییانەی لە چەند هەڵوێست و کاتێکی دیاریکراودا، لەچوارچێوەی دەزگا و دامەزراوە فەرمییەکاندا گەڵاڵە دەبن و کاریان پێوە دەکرا، بەڵکو بە تایبەتمەندیی و ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کەسیانەشەوە مەحکومن، کە ئاراستەی بیرکردنەوە و رەفتارنواندنی تاکیش دیاری دەکەن.

لەو ماوەیە بەدواوە، هەوڵە زانستیەکان بایەخی مۆدێلە کۆمەڵناسییەکەی زانکۆی کۆلۆمبیایان کە دواتر بە باری کۆمەڵایەتی - ئابووریی (Socioeconomic status - SES) ناسرا، دەرخست وەک ئامڕازە و بنەمایەکی شیاو بۆ ئاشنابوون و شیکردنەوەی ئەوەی کە لەبەرچی هەندێ لە تاکەکان بەشداریی سیاسیین و ئەوانیتریان نا؟ (Bond and Smith 2016, chapter 11)، بەتایبەت دوای سەنگ و

ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەریی توێژینەوەکانی هەر یەکە لە ڤێربا و نای و شلۆزمان و برادی سەبارەت بە کاریگەریی ئەو گۆڕاوانە لەسەر مەیل و ئەو سەرچاوانەی تاک پێویستنی بۆ بەشداریکردن لەبواری سیاسەتدا (Vrablikova and Cisar, 2013, p. 3)، بەڵام هەر لە بەشدارییکردن و دەنگدان نا لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو بەشدارییکردن لە خۆپیشاندن و دەربڕینی نارەزاییەکان، کەمپەینەکانی بانگەشە و ......تاد، لەبەرئەوەی بایەخدان و بەهەندوەرگرتنی تەنها شێوەیەکی بەشداریی سیاسی، وەڵامی پێویست بۆ ئەو پرسیارانە، لە هەمان کاتدا تێگەیشتنێکی تێروتەسەلیش سەبارەت بە چێتی بەشداریی سیاسی، دەستەبەر ناکات. (Denton, 2016, p.15). هاوکات ویست و توانای تاکەکان بۆ بەشداریکردن لە بواری سیاسییدا، سەربەری پاشخانی کۆمەڵایەتی و کات و پارە و کارامەیی مەدەنی وەك سەرچاوەی پێویست بۆ بەشدارییکردن، تەمەن و جێندەر و ڕەچەڵەك، دەشکەوێتە ژێر کاریگەریی وابەستەیی دەروونیی تاك بە سیاسەتەوە (Bond and Smith 2016, chapter 11).

کەواتە توێژینەوە ئەکادیمییەکان لەبارەی بەشداریی سیاسی سەرەڕای کورتی مێژووی سەرهەلدانیان، بەڵام بە وێستگەی مێژوویی جیاجیادا تێپەڕیون. لەسەرەتادا زۆرینەی توێژینەوەکان ماکرۆ بوون و زیاتر لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕەفتاری دەنگدانیان توێژیوەتەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەو بنیاد و سیستەم و دامەزراوە سیاسییانەی، وێنای بنەما و یاساکانی مافی بەشداریی سیاسییان دەکرد، بەڵام لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە، هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاریی و وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و فرەجۆربوونی شێوەکانی بەشداریی سیاسی، سەرنجی توێژەران لە توێژینەوەکاندا، بەڕادەیەکی زیاتر کەوتە سەر ئەو هۆکار و گۆڕاوانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بەژیان و پاشخانی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە هەیە.

لەو گۆشەنیگایەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیۆریزەکردن و هەڵوەستانەی کە لە ڕابردووی زانستی و ئەکادیمیی بەشداریی سیاسییدا بۆ شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی تاکەکان و بەشدارییان لە سیاسەتدا خراونەتەڕوو.

## 1- بەشداریی سیاسی (Political participation):

بەشداریی سیاسی وەك چەمکێکی فرەواتا و فرەڕەهەندی کۆمەڵایەتی – سیاسی، لەڕووی واتاوە توێژەران لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ کردووە؛ بەوهۆیەوەش پانتاییەکی فراوانی لە گۆڕەپانی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی، توێژینەوە کۆمەڵناسی و سیاسییەکان بەتایبەت داگیرکردووە.

بە بۆچوونی Van Deth (2001)، تێگەیشتن لە بەشداریی سیاسی هاوکات لەگەڵ زیادبوونی جۆر یا ئەو بوارانەی ئەم چەمکە لەخۆیان دەگرێت، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. گۆڕان و بەرەوپێشوەچوونی جۆر و بوارەکانی بەشداریی سیاسیش، ساڵ لە دوای ساڵ هاوکات لەگەڵ گۆڕانی بابەت و بواری بایەخپێدانی توێژینەوەکان، گۆڕاون. لەمبارەیەوە دەڵێ لە قۆناغی بەراییدا بەتایبەت بەدرێژایی ساڵانی چل و پەنجاکان، سەرنجی توێژینەوەکان زیاتر لەسەر بەشدارکردن و دەنگدان بووە لە هەڵبژاردنەکاندا؛ بێگومان ئەم بوارتەسکییەی لێتوێژینەوەش، ڕەنگدانەوەی بەسەر واتا و ناوەڕۆکی بەشداریی سیاسییەوە هەبووە وەك چەمك؛ بەڵام لە کۆتایی ساڵانی پەنجا و دواتر، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی جۆرێك جۆرناسی (Typology) نوێ بۆ بەشداریی سیاسی، گۆڕانێکی بێوینە بەسەر واتا و تێگەیشتنی ئەو چەمکە داهاتووە.

بە گوزارشتی Lan (1959) سەرباری دەنگدان و کارکردن لە کەمپینەکانی هەڵبژاردن، کۆکردنەوەی کۆمەك، بەشداریکردن لە چالاکییە ڕێکخراوەکانی گروپ، پەیوەندیکردن و گەیشتن بە کاربەدەستان و تەنانەت نووسینی گوتارێکیش، شێوەیەکن لە شێوەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشداریی(وەرگیراوە لە:Dayican 2010, p.47). چەند ساڵێك دواتر، Milbrath (1965) لەجۆرناسییەکی هەرەمیدا هەر یەکە لە دەنگدان، تاوتوێکردنی سیاسەت، هاندانی خەڵك بۆ دەنگدان، پۆشینی یاخبەند، پەیوەندیکردن بە بەرپرسان، ئابوونە و بەخشینی پارە بە حیزب یا کاندیدێك، بەشدارییکردن لە کەمپین و گردبوونەوەیەکی سیاسی، بوونە ئەندام لە حیزبێکدا، خۆکاندیدکردن، تەنانەت بەڕێوەبردنی پۆستێکیشی بە بەشداریی سیاسی هەژمار کردووە (p.18).

ئەم جۆرناسییانە، زەمینەکی لەباریان بۆ گەڵاڵەبوونی چەند پێناسەیەك ڕەخساند؛ بەپێی یەکێ لە پێناسە کلاسیکییەکان، بەشداریی سیاسی ئاماژەیە بۆ ((**ئەو چالاکییە خۆبەخشییانەی کە ئەندامانی کۆمەڵگا بەشدارییان تێدا دەکەن لەمیانەی هەڵبژاردنی کاربەدەستان، یا فۆرمەلەکردنی سیاسەتی گشتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ**)) (McClosky 1968, p..252، وەرگیراوە لە: Bergström2006, p.4).

لە زووربەی توێژینەوە مەیدانییە هاوچەرخەکانیشدا، بەشداریی سیاسی بەوە پێناسەکراوە کە ((**ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو چالاکییە خۆبەخشیانەی هاوڵاتیان بە ئامانجی هەبوونی کاریگەریی بەسەر بڕیاریی سیاسییەوە لە هەموو ئاستە جیاجیاکانی سستێمی سیاسییدا ئەنجامیان دەدەن**)) (Kaase and Marsh 1979, p. 42). یاخود ((**بریتییە لەو چالاکییەی کە مەبەست یا نیاز لە ئەنجامدانی، کارتێکردن یا هەبوونی کاریگەرییە بەسەر چالاکییەکانی حکومەتەوە جا بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ بێ لەڕێی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتییەوە، یا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەمیانەی هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە ئەو سیاسەتانە دادەڕێژن**))(Verba et al. 1995, p. 38).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە تێڕوانینی Vromen (2003) پێویست ناکات بەشداریی بەسەر ئەو کردە چالاکییانەدا دابەش بکرێت کە پێیان دەڵێن سیاسی و ناسیاسی، بەڵکو لەجیات ئەوە دەکرێ لەچوارچێوەیەکی فراوانتردا وەها بڕوانینە بەشداریی کە، ئەو کردە یا چالاکییانەن کاتێك بە دیار دەکەون کە تاکەکان بەشێوەیەکی تاکەکەسی، یا بەکۆمەڵ بەشدارییان تێدا دەکەن و، لەناوەڕۆکدا بایەخ بە لەشێوەدانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەدەن کە تیایدا دەژێن. ئەم جۆرە تێڕوانینە لەبارەی بەشداریی سیاسی، شێوەیەکە لە شێوەکانی جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بوونی دامەزراوە سیاسییەکان.

بە بۆچوونی Bergström (2006) پێناسەیەکی فراوانتر لەو پێناسانانەی کە لەڕابردوودا خراونەتەڕوو بۆ بەشداریی سیاسی، پێناسەکەی (لام)ە. لام پێیوایە کە بەشداریی سیاسی لە رۆژگاری ئێستادا، هەر تەنها بریتی نییە لە پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و حکومەت، بەڵکو ئەو پێیوایە کە بەشداریی سیاسی ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو چالاکیە یاسایی و نایاساییانەی کە دەبنە مایەی گەیاندنی پاڵپشتی، یا داواکاریی و گفتوگۆ و هەموو گوزارشتێکی دیکەی سیاسی چ بەشێوەیەکی زارەکی بێت، یا لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان. هەر ئەوەندە نا، بەڵکو (لام) وایدەبینێ کە بەشداریی سیاسی ئەو چالاکیە سیاسییانەش لەخۆدەگرێت کە ڕووی ئاراستەیان لە دامەزراوە تایبەتییەکانی وەك بۆ نمونە بەڕێوەبەرایەتی زانکۆکان و کار وسەرمایەگوزاریشە؛ ئەمەش بەوپێیەی کە ئەو دامەزراوانەش، بەجۆرێك بەرنامەڕێژکراون تا لە ئاست ئاڵنگاریی ئەو ڕێسا و پێوەر و کردە و ڕێوشوێنانە دابن، کە هەن و پیادە دەکرێن.

لە ناوەڕۆکی زووربەی پێناسەکان بۆ بەشداریی سیاسی، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە بەشداریی سیاسی، ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی و چالاکییەکی خۆبەخشە کە هاوڵاتیان لەپێناو پرس و بەرژەوەندیی گشتیدا بەشداریی تێدا دەکەن هەر لە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان و هاندانی خەڵك بۆ ئەم مەبەستە، ئەندامێتی ڕێکخراوە مەدەنی و

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسییەکان، تاوتوێکردن و بەدواداچوون و وەرگرتنی زانیاریی لەبارەی سیاسەتەوە، بەشداریکردن لە کاری بە کۆمەڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشە خۆجێییەکانی کۆمەڵگا، چوونە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکان، پەیوەندیکردن و گەیشتن بە بەرپرس و سیاسییەکان تا دەگاتە واژۆکردنی سکاڵا، بایکۆتکردن، بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی و مانگرتنە گشتییەکان، دەستبەرداگرتنی تەلار و باڵەخانەکان، داخستنی شەقامەکان و تەنانەت ڕەتکردنەوەی دانی کرێ و باجەکانیش بە ئامانجی دانانی کاریگەریی بەسەر پرۆسەی گەڵاڵەکردنی بڕیاری سیاسییەوە،

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بەشداریی سیاسی، ئەو چالاکییە خۆبەخشانەیە کە هاوڵاتیان بەشێوەیەکی خۆبەخش و ئازادانە بەشداریی تێدا دەکەن، ئەویش بەئامانجی دروستکردنی کاریگەریی لەشێوەی پاڵپشتی، یا ڕەتکردنەوە و گۆڕینی ئەو ناوەند و کەس و لایەنانەی، بەرپرسیارن لە گەڵاڵەکردن و جێبەجێکردنی بڕیاری سیاسی.

## 2 – پاشخانی کۆمەڵایەتی Social background:

لە بەشێکی زۆر لە سەرچاوە و توێژینەوەکاندا، پاشخانی کۆمەڵایەتی( social background) وەك باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی (Socioeconomic Status) تاك ناسرێنراوە لەمەڕ پرسی بەشداریی سیاسییەوە (Bond and Smith 2013، Tranter and Skrbis 2014، Valokala et al. 2015).

هەریەکە لە Bond و Smith (2013) لە یانزەهەم بەشی کتێبەکەیاندا(Analyzing American Democracy) زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێن ((مەبەست لە باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی، پاشخانی کۆمەڵایەتی و پێگەی ئابووریی تاکە )). باری کۆمەڵایەتی – ئابووریش لە هەندێ توێژینەوەدا، هەم بە واتای پاشخانی کۆمەڵایەتی، هەم وەك هاوواتای چینی کۆمەڵایەتیش بەکارهێنراوە ( Nelson, 1979,

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

p.1024)؛ یا وەك Nor r i s e (2002) دەڵێ مەبەست لە پاشخانی کۆمەڵایەتی، ئەو گۆڕاو یا ئاماژە و تایبەتمەندییە کەسییانەن کە ئامادەسازیی و ئاستی بەشداریی تاك لە گۆڕەپانی بەشداریی سیاسیدا، دیاری دەکەن.

بەگشتی بەشداریی سیاسیی تاك بەپێی هەریەکە لە تایبەتمەندیی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، شوێنی نیشتەجێبوون، گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان، باری ئێتنی و ئایینی تا دەگاتە ئەو گروپ و دەستانەی تاك تیایاندا ئەندامە، لە سستێم و کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، دەگۆڕێت. بۆ نمونە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە کۆمەڵگای ئینگلیزییدا، بەڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان بەسەر بەشداریی سیاسیی هاوڵاتیانەوە هەیە لەو کۆمەڵگا و وڵاتەدا، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگا و وڵاتێکی وەك نایجیریا، خێڵ رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە ئاراستەکردنی تاك لەڕووی سیاسییەوە. بەوواتایەش، سروشت و شێوەکانی بەشداریی سیاسی، لە کۆمەڵگا و وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، دەگۆڕێن بەجۆرێك هەتاوەکو ئەگەر لەڕووی سستێمی سیاسی و پرەنسیپ و بنەمای ئایدیۆلۆژیشەوە، لەیەك بچن. سەرەڕای ئەوەش، جگە لە هەندێ حاڵەتی تایبەت، لە هەموو سستێمێکی سیاسییدا، لەنێوان تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کەسییەکانی چالاکانی سیاسی و بەشداریی سیاسیاندا، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە؛ سروشتی پەیوەندییەکەش پشت بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر سستێمێکی سیاسی، پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و ئەو شارەزاییانە دەبەستێ کە تاك لەمیانەی گوزەرانی لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، وەریاندەگرێ (سعد 1983، ص 368).

بەگشتی پێوەر یا بنەماکانی دەستنیشانکردنی پاشخانی کۆمەڵایەتی تاکیش، بەپێی بایەخ و کاریگەرییان لەسەر بەشداریی سیاسی، هاوکات دۆخ و بنیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پێکهاتەی دیمۆگرافی دەگۆڕێن، بۆیە توێژەرانیش لە توێژینەوەکانیاندا، هەر بەپێی ئەو دۆخ و بنیادانە، بنەما و پێوەرەکانی پاشخانی کۆمەڵایەتی تاکەکانیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزیی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- كوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاركردووە. لە هەندێ لەو توێژینەوانەدا بەتایبەت لە وڵاتە پێشكەوتوو و دیموكراسییەكاندا، بەشێوەیەكی گشتی پلەبەندیی كۆمەڵایەتی و دابەشبوونی چینایەتیان كردۆتە بنەما و پێوەر بۆ دیاریكردنی كاریگەریی پاشخانی كۆمەڵایەتی تاك بەسەر بەشداریی سیاسییەوە، بۆ دیاریكردنی ئەوەش كە ئاخۆ تاكەكان سەر بە كام چین یا پێگەی كۆمەڵایەتی – ئابووریین، ئاستی خوێندەواریی و پیشە و داهات، كراونەتە بنەما و پێوەر. بەشێكیشیان بەپێی ئامانج و پێویستی توێژینەوەكانیان، گۆڕاوە سۆسیۆدیمۆگرافییەكان، شوێنی نیشتەجێبوون، باری ئێتنی و ئایینیشیان بە هەند وەرگرتووە.

بەو واتایەش، باری كۆمەڵایەتی - ئابووریی، چەمكێكی كراوەیەو دیاریكردنی چوارچێوەو ناوەڕۆكەكەیشی، بەندە بە سروشت و بنیاد و ژینگەی كۆمەڵایەتی ئەو كۆمەڵگایەی، توێژەر توێژینەوەكەی تیادا ئەنجام دەدات. توێژەریش لەمیانەی سەرنجدانی ئەو هۆكار و گۆڕاوە كۆمەڵایەتییانەی لە ئاست یەكەی بچووك (تاكەكان) لە ژینگە و ناوەندێكی كۆمەڵایەتی -سیاسییدا، ڕەنگدانەوەیان بەسەر چەندێتی و چۆنایەتی بەشداریی سیاسیی تاكەوە هەیە، دەتوانێ واتایەك بۆ بەكارهێنانی چەمكی پاشخان یا باری كۆمەڵایەتی – ئابووریی تاك هاوڕێك لەگەڵ ئامانجەكانی توێژینەوەكەی، بخاتەڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە پاشخانی كۆمەڵایەتی، باری كۆمەڵایەتی – ئابووریی (ئاستی خوێندەواریی، پیشە و داهات) و كۆی ئەو گۆڕاو و تایبەتمەندییە كەسیانەن كە بە هەر ڕاددەیەك، كاریگەریی و ڕەنگدانەوەیان بەسەر ئاست و شێوەكانی بەشداریی سیاسیی تاكەوە هەیە.

## 3 – ئەدەبیاتی پێشوو Literature review:

بەپێی هەندێک لە توێژینەوەكانی بواری بەشداریی سیاسی، پەیوەندییەكی بەهێز لەنێوان پاشخانی كۆمەڵایەتی(باری كۆمەڵایەتی – ئابووریی) تاكەكان و بەشدارییان لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسـەتدا هەیـە. هـەر یەکـە لـەMerriam و Gosnell (1924)، Tingsten (1937) و Lzzarsfeld et al. (1948) و (1954) لـە توێژینەوەکانیانـدا بـەو ئەنجامانە گەیشتوون کە ئەو ئەمریکییانەی خاوەن بـارێکی کۆمەڵایـەتی – ئـابووریی بـاڵان لەڕووی ئاستی خوێنـدەواریی، پیشـە و دەسهاتەوە، یـا خێزانـدارن و پابەنـدی زیاتریـان بـە ئـایین و دینداریـیـەوە هەیـە، بـە ئاسـت و ڕێژەیـەکی زیـاتر لـە هەڵبژاردنەکانـدا دەنگیانـداوە (وەرگیـراون لـە: Van deth 2001، Dayican 2010 و Bond and Smith 2013).

پەیوەندیی ئەرێنی نێوان باری پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی سـەرەڕای ئەوەی پاشخانی مەعریفی هەر چینێك نیشان دەدات، ئەوەش دەردەخات کە چۆن پیشەکان بە ئاست و ڕێژەی جیاواز، دەبنە مایەی دەستەبەری ئەو کارامەییانەی بۆ بەشداریی سیاسی پێویستن (Sallach et al., 1972, p. 879). لە سەرەتای حەفتاکانیشەوە ژمارەیەك توێژینەوەی مەیدانی ئەو ئەنجامانەیان پشتڕاست کردۆتەوە کە پەیوەندی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی تاك و بەشدارییکردن لە شێوە جیاجیاکانی بەشداریی سیاسییدا، ڕاستەوانە و ئەرێنیـە(Verba and Nie 1972، Verba et. Al 1978، Verba et. Al 1995، Norries 2002).

بەگووتەی ولفینغر و روزنستون (2007) ناشێ لەڕووی مەیدانییەوە مامەڵەیەکی وەك یەك لەگەڵ سێ گۆڕاوە سەرەکییەکەی پاشخانی کۆمەڵایەتی (ئاستی خوێندەواریی و پیشە و داهـات)دا بکرێـت لـە ڕووی پەیوەنـدیی و ڕەنگدانـەوەیان بەسـەر بەشـداریی سیاسـیی تاکـەوە، بـەڵکو سـەرەڕای بەهەنـدوەرگرتنی پەیوەنـدیی تـەواوکاریی نێوانیـان، دەبـێ مامەڵەیەکی سەربەخۆشیان لەگەڵدا بکرێت؛ مەرج نییە هـەر کەسـێ خـاوەن بڕوانامەیـەکی باڵا بێ، دەوڵەمەند بێ و زیاتریش بەشداریی لە سیاسـەتدا بکـات؛ بـۆ نمونـە کەسـانێکی زۆر هەن لە تەمەنی گەنجیدا ڕاستەوخۆ دوای بوونە خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی و خوێندنی باڵا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێشتا ئەزموونێکی کارکردنی هێندە دوور و درێژیان نەبینیوە تا داهاتێکی وەهایان دەسکەوێ و ببنە خاوەن سەرمایەکی زۆر، بەڵام ئاستی بەشدارییان لە سیاسەتدا زیاترە لە هی ئەوانەی لە ئاستێکی خوێندەواریی نزمتردان، یا نەخوێندەوارن. لێرەدا دەشێ لایەنی مەعریفی ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێ زیاتر لە کاریگەریی پیشە و داهات. هەر بە بۆچوونی ئەو دوو توێژەرە، مامەڵەی سەربەخۆ و بەهەندوەرگرتنی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان بە بەشداریی سیاسیی تاکەوە، بەرچاوڕوونی زیاترمان پێدەدا سەبارەت بەوەی کە چ هۆکار و گۆڕاوێك بۆ و لەبەرچی کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی زیاتری بەسەر ئاست و شێوەکانی بەشداریی سیاسیی تاکەوە هەیە.

بە گووتەی Ver ba et al . (1995) ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی تاك بەسەر بەشداریی سیاسییەوە، ڕەهەندێکی دەروونی هەیە؛ ئەو کەسانەی بەدوای زانیارییدا دەگەڕێن سەبارەت بە سیاسەت و هوشیارن لەڕووی سیاسیەوە، زیاتر بایەخ بە سیاسەت دەدەن و لەو ڕووەوە کارا و چالاکن.

سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی، سەرەڕای دەگمەنی توێژینەوەی زانستیی لەبارەی بەشداریی سیاسییەوە، بەگشتی لەگەڵ ئەوەشدا پرسی پەیوەندی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی نەبووەتە بابەتی جێی سەرنج و بایەخیان (عبدالوهاب 2000، ص 160).

بە بۆچوونی ولفینغر و روزنستون (2007)، کۆی ئەو ئەنجامانەی لەبارەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی پاشخانی کۆمەڵایەتی(ئاستی خوێندەواریی، پیشە و داهات)) و بەشداریی سیاسییەوە لە گشتێکدا خراونەتەڕوو، چەند ئاماژەیەکی سادە و ساکارن و نەپرژاونەتە سەر گەڕان بەدوای هۆکاری ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان. هەر بۆیەش سورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ پەیوەندیی گۆڕاوەکانی پاشخانی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسییەکانی دیکە بە بەشداریی سیاسییەوە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ تاوتوێ بکرێن بەبێ پشتگوێخستنی پەیوەندیی نێوانیان. لەم سۆنگەیەوە و پاڵپشت بە بۆچوونی ئەم دوو توێژەرە، هەوڵ دەدەین بزانین کە پەیوەندیی ئەو گۆڕاو و ئاماژانەی گوزارشت لە واتا و جۆری پەیوەندیی پاشخانی کۆمەڵایەتی تاك بە بەشداریی سیاسییەوە دەکەن، لە ئەدەبیاتی پێشووی بەشداریی سیاسییدا چۆن خراونەتە بەرباس و تاوتوێ کراون.

### 1-3- ئاستی خوێندەواریی (Educational level):

لە زۆرێك لەو توێژینەوانەی لەبارەی پەیوەندی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسییەوە ئەنجام دراون، بایەخێکی زۆر دراوەتە کاریگەریی ئاستی خوێندەواریی لەسەر ئاست و جۆری بەشداریی سیاسی تاکەکان. تەنانەت لە بەشێکیاندا پێداگیریی زۆر کراوە لەسەر رۆڵ و کاریگەریی ئەرێنی زیاتری ئاستی خوێندەواریی لەچاو گوڕاوەکانی دیکە بەجۆرێك کە تا ئاستی خوێندەواریی تاکەکان بەرزتر بێت، بە بایەخترەوە دەڕواننە سیاسەت و زیاتر بەشداریی تێدا دەکەن (Verba and Nie 1972، Milbrath and Goel 1977) وەرگیراوە لە: Rush 2013)، Verba et al. 1978، Verba et al, 1995، Adamson 2003، Syal 2012، Hindenes 2016، محمد أ 2011 و آل غفور و الغطاءِ 2010).

بە گووتەی وولفینغر و روزنستون (2007)، خوێندن توانای پەیپێبردن، بەدواداچوون و تێگەیشتن لە کاروبارو پرسگەلێکی ئاڵۆز و شاراوەی وەك سیاسەت دەبەخشێتە تاك؛ تاکی خوێندەوار دەزانێ و بەئاگایە لەمەڕ چۆنێتی بڕیاردان لە هەڵبژاردە سیاسییەکان و کەمکردنەوەی تێچووی بەشداریکردن لە دەنگداندا. جا ئەو تاکەی کە لەسایەی بوونی ئاستێکی خوێندەواریی شیاو و گوشارێکی ئەخلاقییەوە بەشداریی بۆ نمونە لە هەڵبژاردندا

دەکات، زیاتر لەخۆی ڕازی دەبێ و هەست دەکات ئەرکێکی نیشتیمانی ڕاپەڕاندووە و لێی سوودمەندە(ص ص 53 - 54).

سەبارەت بە پەیوەندی ئاستی خوێندەواریی بە جۆر یا شێوەی بەشدارییکردن، سەرەڕای ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت هەڵبژاردنەکان و دەنگدان، پەیوەستی و کاریگەرییەکی بەهێزو جێگیرییان بە ئاستی خوێندەوارییەوە نییە ( Milbrath and Goel ,1970, p. 102 وەرگیراوە لە وولفینغر و روزنستون، 2007، ص30)، بەڵام ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی زانکۆیین، چاوەڕواندەکرێ بەڕێژەی 38% زیاتر لەو کەسانە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن کە کەمتر لە 5 ساڵ لە قوتابخانە خوێندوویانە؛ بەراوردکردنی دەرچوانی زانکۆ بەوانەی کەمترین ئاستی خوێندەواریان هەیە، یا نەخوێندەوارن، چاوەڕواندەکرێ ڕێژەی دەنگدانی دەرچوانی زانکۆ، لەو ڕێژەیە زیاتر هەڵکشێ. کەواتە هەروەك پێشتریش ووتمان، خوێندن فشارێکی ئەخلاقی دەخاتە سەر دەنگدەر بەجۆرێك کاتێك دەنگدەدات، پێیوایە ئەرکی سەرشانی ڕاپەڕاندووە، ئەمەش هەستی دڵنیایی و لەخۆڕازیبوون پێدەدات.(وولفینغر و روزنستون 2007، ص 31).

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەیەکی بەراوردکارییش لەنێوان وڵاتانی (مەغریب، فەلەستین، ئوردن، جەزاییر، لوبنان و یەمەن)دا، لە مەغریب، ئەوانەی خوێندەوارن، زیاتر دەخوازن بەشداریی لە هەڵمەتەکانی بانگەشەدا بکەن. لە هەریەکە لە ئوردن و فەلەستینیش، ئاستی خوێندەواریی پەیوەستییەکی ئەرێنی بە بەشداریکردن لە دەربڕینی ناڕەزاییەوە هەیە. ئەگەرچی ئاستی خوێندەواریی، لەسەر ئاستی بەشداریکردن لە ڕەفتاری هەڵبژاردن و دەربڕینی ناڕەزاییەکان لەو ژینگە سیاسییە دیکتاتۆرییانەی لە جیهانی عەرەبییدا هەن، ئاماژەیەکی ڕوون نادەن بە دەستەوە (Tessler et al. 2008, p.26)؛ بەپێی ئەنجامەکانی دووەم رووپێوی بارۆمەتری عەرەبی لە عێراق بۆ ساڵی 2012، چوونە هەڵبژاردن و دەنگدانی عێراقییەکان، هێندە لەژێر کاریگەریی ئاستی خوێندەوارییاندا نییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەراورد بە بەشداریکردن لە شێوەکانی دیکەی وەك کەمپینەکان و دەربڕینی ناڕەزایی بە جۆرێك تا ئاستی خوێندەواریی بەرزتر بێت، خواست بۆ بەشداریکردن لەم دوو شێوەیەی دواییدا زیاترە(Hoffman, 2012, pp. 20- 22)، بەهەمان شێوە لە رووپێوێکی پێشووتردا ساڵی 2003 سەبارەت بە ڕەوشی بەهاکان لە عێراقدا لە لایەن رێکخراوی رووپێوی بەها جیهانییەکان (World Values Survey) کە لەچوارچێوەی تێزێکی ئەکادیمییدا، شیکردنەوەی لاوەکیان بۆ کراوە، دەردەکەوێ کە تێڕوانینی عێراقییەکان سەبارەت بە بەها سیاسییەکانی وەك بایەخی سیاسەت، پێویستی بوونی کەسانی تەکنۆکرات لە پۆستە حکومی و ئیدارییەکاندا، بەپێویست نەزانینی سوپایەکی بەهێز، تا ئاستی خوێندەواریی تاکەکان بەرزتر بێت، نرخاندنی ئەم بەهایەنەش زیاترە (محمد أ 2011، لا 159 - 174).

سەرباری ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو توێژینەوانەی لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە پرسی بەشداریی سیاسی یا نزیك لێیەوە ئەنجام دراون، راستەوخۆ و وەك ئامانج و گریمانەی سەرەکی، خۆیان لەقەرەی کاریگەریی و پەیوەندی ئاستی خوێندەواریی بە بەشداریی سیاسییەوە نەداوە، تەنها وەك ئاکام و خەسڵەتی نمونەی توێژینەوە دوور لە خستنەڕووی شیکردنەوەی پێویست، مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرسەدا کردووە، بەڵام لە ئەدەبیاتی پێشووی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بەشداریی سیاسی و پەیوەندی بە ئاستی خوێندەواریی و ئەو پرۆسانەی رەهەندی سیاسییان هەیە، دەتوانین ئاماژە بە ئەنجامی چەند توێژینەوەیەك بدەین.

بەپێی بەشێك لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی الزیباری (2005) تا رێژە و ئاستی خوێندەواریی ئافرەتان بەرزتر بێت، بەشداریی زیاتر لە سیاسەتدا دەکەن؛ تەنانەت ئەو پیاوانەش کە خوێندەوارن و ئاستێکی باڵای خوێندەوارییان هەیە، تێڕوانینیان ئەرێنیترە دەهەمبەر بەشداریی رەگەزی بەرامبەر لە کایەی سیاسییدا. هەربۆیەش لە تەك بەها و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابونـەریت و کـۆت و بەنـدە کۆمەڵایەتییـەکان، کولتـووری پیـاو سـالاریی، باوکسـالاریی و مەرجەعییــەتی پیــاو بــۆ ئــافرەت لــە پرســی بەشــداریی سیاســییدا، نەخوێنــدەوارییش ڕەنگدانەوەیـەکی نـەرێنی بەسـەر دیـاریکردنی پێگـەی کۆمەڵایـەتی و ئـابووریی و سیاسـی ئافرەتــەوە هەیــە و بووەتــە مایــەی لاوازیــی بەشــداریی سیاســی ئــافرەت لــە هــەرێمی کوردستاندا.

لەمەڕ پرسی هاوبەشی ئینتیمای سیاسی لەنێوان ئەندامانی خێزاندا، هەتاوەکو ئاستی خوێندەواریی تاك بەرزتر بێت، بوونی جیاوازیی ئیینتیمای سیاسی نێوان ئەندامانی خێزان، بە ئاساییتر وەردەگیرێت (عزیز 2006، لا 118-119). ئەم ئەنجامـەی دوایـی، ئاماژەیـەکی دیارە لەسەر ئـەوەی خوێنـدن چ کاریگەرییـەکی هەیـە لەسـەر هێنانەکایـەوە و پەرەپێـدانی جۆری بیرکردنـەوە و ڕەفتارنوانـدنی مەدەنیانـە لای تـاك، بۆیـەش پەیوەنـدی نێـوان ئاسـتی خوێنـدەواری بەشـداریی سیاسـی بـەجۆرێك لـە جۆرەکـان، خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە، کـە خوێندن چ ڕۆڵێکی بنیادی هەیـە لـە هێنانەکایـەوە و ڕەخسـاندنی زەمینەیـەکی دروسـت بـۆ پیادەکردنی ئەو گوزارشت و کـردە یـا چالاکیانـەی بـە بەشـداریی سیاسـی هـەژمار دەکـرێن، ئاستی فەراهەمبوونی مەدەنییەتیش لە کۆمەڵگادا نیشان دەدەن.

بەشــێوەیەکی گشــتی دەتــوانین بڵێــین کــە ڕۆڵ و کاریگــەریی ئــەرێنی ئاســتی خوێندەواریی سەبارەت بە هەموو شێوەکانی بەشداریی سیاسی وەك یـەك نییـە، مـەرجیش نییە ئاستی خوێندەواریی بەیەك ئاست و ئاراستە، خەڵکی بۆ چوونە هـەڵبژاردن و دەنگـدان و بەشدارییکردن لە کۆی شێوەکانی بەشداریی سیاسی تاوبدات، بـەڵکو ئـەم پەیوەندییەکـە ڕێژەییە و بەپێی سەردەم و دۆخ و کەتوار (واقع) لە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ یـەکێکی دیکـە، دە گۆڕێت.

### 3-2 - پیشە و داهات (Occupation and Income):

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بەشێکی زۆری سەرچاوە و توێژینەوەکاندا بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ئەو کەسانەی داهاتێکی باشیان لەڕێی پیشەیەکی شیاووە دەسدەکەوێ، زیاتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن، بەڵام بە ئاست و ڕێژەی جیاواز بەپێی جۆر و شێوەی بەشداریکردن. بەو واتایەش پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لەنێوان بوونی بارێکی بژێوی باش و بەشدارییکردنی تاك لە سیاسەتدا(Verba et al. ،Verba and Nie 1972 ،Russell et al. 1972 ،1978 Verba et al. 1995 ،Harrison and Dye 2008 ،Solt 2008، وولفینغر و روزنستون 2007، جعفری نیا 2012 و آل غفور و الغطاءِ 2010)، بەڵام کاریگەریی ئەرێنی زیادبوونی داهات بەسەر بەشداریی سیاسی تاکەوە، تا ئاستێکی دیاریکراوە و لەسەرووی ئەو ئاستە، داهات نابێتە مایەی تاودانی زیاتری تاکەکان لە بەشدارییکردن لە سیاسەتدا هەتاوەك ئەگەر بڕی ئەو داهاتەی دەستیشیان دەکەوێ زیاتر بێت؛ لەمبارەیەوە هەر یەکە لە وولفینغر و روزنستون (2007) دەڵێن کە ئەو کەسانەی دەرچووی زانکۆن و داهاتیان دەگاتە سەرووی (10000) دەهەزار دۆلار، ئەوانەشی کە ئاستی خوێندەوارییان لەخوارووی زانکۆوەیە و داهاتیان دەگاتە سەرووی (15000) پانزە هەزار دۆلار، داهات نابێتە مایەی ئەگەری بەشداریکردنی زیاتریان لە دەنگداندا. بەوواتایەش دەشێ کاریگەریی داهات بەسەر بەشداریکردن و دەنگدانی ئەو کەسانەوە زیاتر بێت کە هەژارن یا داهاتیان لە ئاستێکی مام ناوەندایە، لەسەرووی ئەو ئاستەوە هەڵکشانی بڕی داهات، بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێ (وولفینغر و روزنستون، 2007، ص ص40 - 41).

بەشێوەیەکی گشتی داهاتێکی باش، بواری وەرچەرخانی سامان بۆ ئەو سەرچاوە و هەلانە دەرەخسێنێ کە دەبنە مایەی کەمبوونەوەی تێچووی بەشداریی سیاسی، بەڵام بۆ هەژارەکان بەشدارییکردن تێچووی زۆرە و پرسێکی لاوەکییە، بەوپێیەی کە دەبێ سەرنجی زیاتریان لەسەر بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان بێ و هێندە کاتیان بۆ نامێنێتەوە تا بۆ بەشداریی سیاسی تەرخانی بکەن(Harrison and Dye 2008, p.234)؛ لە بەرامبەردا ئەوانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داهاتیان باشە و کاتی دەسبەتیاڵیان زیاترە بەوپێیەی کە هێندە سەرقاڵ نین بە دابینکردنی قوت و بژێوی ڕۆژانەوە، یا کەسانی دیکە زۆرێك لە ئەرکەکانیان بە پارە بۆ ڕادەپەڕێنن (Ver ba et al ., 1995, p273)، بایەخ و ئاگایی سیاسی زیاتریان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەو زانیارییانەی لە دۆخی لەکارکردنەوە دەستیان دەکەوێ و ناچارن بەتەنگ پرسگەلێکی سیاسی پەیوەندیدار بە بەرژەوەندییەکانیانەوە بن ( M l br at h and Goel 1977، Li ps er 1981 وەرگیراوە لە: Dent on 2016)، بۆیەش زیاتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن.

بەو پێودانگەش پەیوەندی هەریەکە لە داهات و کات بە پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسییەوە، ناهاوتایە و دۆخی ژیان دیاری دەکات؛ دۆخی ژیانیش سەرەڕای بڕی داهات، بەو کاتی دەسبەتاڵییەش دیاری دەکرێت کە تاك دوای ڕاپەڕاندنی ئەرك و پێدایستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بۆی دەمێنێتەوە. بۆ نمونە ئەوانەی بەدرێژایی ڕۆژ یا شەو کار دەکەن، یا ئەوانەی لە ماڵەوە منداڵی بچووکیان هەیە و هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە، کاتی دەسبەتاڵیان کەمە، بۆیەش ناتوانن بە ئەندازەی پێویست کات بۆ بەشداریی سیاسی تەرخان بکەن، شەو و ڕۆژێک هەر 24 کاتژمێرە بۆ هەموو کەس، کەچی ناتوانن بەچەشنی ئەو پارەیەی لێیان زیادە، لە بانکێکدا پاشکەوتی بکەن، لەبەرئەوەی خەڵکی لە داهات و ساماندارییدا هاوئاست نین(pp 273 – 274).

کەواتە سەبارەت بە کاریگەریی کات و داهات بەسەر بەشداریی سیاسییەوە، دەشێ خەڵکی بەسەر سێ توێژ یا دەستەدا دابەشبن. دەستەیەکیان ڕەنگە بەهۆی زۆریی داهاتەوە زووربەی کات دەسبەتاڵ بن؛ ئیدیکەیان داهاتیان زۆرە، بەڵام ئەو پیشەیەی سەرچاوەی داهاتیانە، هێندە سەرقاڵی کردوون کات بەشیان ناکات؛ هەشیانە بۆ دەسکەوتنی بڕێك داهات، شەو و ڕۆژ دەخاتە سەر یەك.

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندیی پیشە و داهات بە بەشداریی سیاسییەوە، بەپێی شێوەکانی بەشداریی سیاسیش دەگۆڕێت بەوپێیەی کە بەشداریی سیاسی پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو، بەشێوەبوونیشی بەندە بە جۆری سستێمی سیاسی و ئاستی ئەو پلەبەندییانەشەوە، کە کاراییان گرێدراوە بە کارایی سستێمی سیاسی و جۆری بەرژەوەندی و چوارچێوەی بیرکردنەوە تیایاندا(سعد 1983، ص357). لەمبارەیەوە بە گوتەی M l br a t h (1965)، خەڵکی لە دەنگدان و کەمپینەکانی هەڵبژاردن و گفتوگۆی سیاسیدا، زیاتر کاران و بەشداریی دەکەن، لەبەرئەوەی بەردەوام ئەو شێوانەی بەشداریی سیاسی، پێویستی کەمتریان بە کات و کۆشش و زانیاریی هەیە؛ یا وەك Rus s el l et al . (1972) دەڵێ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان جیا لەوەی هەلێکی ڕەخسێنراوە بەشێوەی یەکسان بۆ هەموو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە کاتێکی دیاریکراودا بەدەر لەو دۆخ و شوێنەی تیایدا دەژێن، زووربەی جاریش ڕۆژی هەڵبژاردن یا دەکرێتە پشوو، یا لە ڕۆژانی پشوو (شەممە)دا ئەنجام دەدرێت (p.115). بەدەر لەوەش گرنگ هەر هەبوونی کاتی زیادە نییە لەمەڕ پرسی بەشداریی سیاسییەوە، بەڵکو تا چ ڕادەیەك تاك توانای کۆنترۆڵکردن و ئیدارەدانی کاتی هەیە. کەسانێك لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێکی زۆر کار دەکەن، کەچی بەرێژەیەکی زۆر زیاتر لەوانەی بێکارن، لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان داوە(وولفینغر و روزنستون 2007، ص ص43 - 44).

لە هندستانیش هەژار و لادێنشینان لە دەوڵەمەند و شارنشینان، زیاتر بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن و دەنگ دەدەن (S y a l , 2012, p. 425). لە عێراق ئەو کاریگەرییەی داهات بەسەر ئارەزووی خەڵکەوە هەیەتی بۆ بەشداریکردن لە دەربڕینی ناڕەزایی و کۆڕ و کۆبوونەوە ڕەهەند سیاسییەکان، کەمترە لەو کاریگەرییەی بەسەر ئارەزوویانەوە هەیەتی بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا ( Hof f ma n, 2012, pp. 24- 25).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشدارییکردن لە تاوتوێکردنی سیاسەت، بەخشینی پارە بە کەمپینەکان، ئامادەبوون لە دیدارە سیاسییەکاندا، چوونە فەرمانگەکان و نوسینی نامەیەکیش بۆ لایەنی فەرمی لە لایەن کەسانێکی پیشەوەری وەك پارێزەر یا سەرمایەگوزار، بەش و پێداویستییەکی کارکردنە؛ بۆ پارێزەران پڕوپاگەندەی کار و پیشەیە و دەرفەتێکن بۆ خۆناساندن و دروستکردنی پەیوەندیی و فراوانکردنی بازنەی کارکردن؛ بۆ سەرمایەگوزارانیش دەشێ هەلێك بن بۆ دەستخستنی کار یا گرێبەستێکی کارکردن و زیادکردنی لایەنی بەرهەمداریی. بۆیە ئەو بۆچوونە ڕاست نیە ئەگەر بڵێین تێچوو رەخسانی هەل بۆ ئەو جۆرە کەسانە زۆرە، بەڵکو بەشداریکردن لە کاتی تەرخانکراوی ئەوان بۆ کارکردن کەم ناکاتەوە، بەتایبەت کە کەسانێك هەن بواری کردەیی کاروباری بەشداریکردن بۆ کەسانێکی دیکە ڕێکدەخەن؛ بۆ نمونە بەڕێوەبەر ئەرکی نوسین و گەیاندنی نامە بۆ کەسێ یا دامەزراوەیەکی فەرمی دیاریکراو، بە سکرتێرەکەی دەسپێرێ (Russell et al. 1972, p.116).

تاکە شێوەیەکی بەشداریی سیاسی کە کەمدەرامەتەکان زیاتر بەشداریی تێدا دەکەن، دەربڕینی ناڕەزاییە (Cicatiello et al. 2015، McCarty, 2014)، لە شێوەکانی دیکەی وەك هەڵبژاردن، تاوتوێکردنی سیاسەت و بەخشینی کۆمەك، بوونی پەیوەندی تۆکمە بە بەرپرس و لایەنە باڵاکان، زیاتر ئەوانە بەشداریان تێدا دەکەن کە دەوڵەمەندن و داهاتیان باشە (McCarty 2014، Verba et al. 1995، Cicatiello et al. 2015)، بەڵام بە گوتەی Verba et al. (1995)، لە ئەمریکا خەڵکی هەژاریش چارەکیان لە کەمپینەکان و، یەك لە دەشیان لە بەخشینی داراییدا بەشداریی دەکەن. بە پێچەوانەشەوە لە هەڵمەتەکانی بەخشنی پارە و ئەو چالاکیانەدا کە بۆ کڵێسا و دامەزراوە ئاینییەکان ڕێکدەخرێن، هەژارەکان زیاتر لە دەوڵەمەندەکان، بەشداریی دەکەن.

بەشێك لەو توێژینەوانەی کە لەبارەی بەشداریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجامدراون، یا بایەخیان بە کاریگەریی داهاتی تاك بەسەر بەشداریی سیاسی نەداوە (تەلعەت 2006 و سلطان 2007)، یا بەو ئەنجامە گەیشتوون کە داهات جیاوازییەکی ئەوتۆ دروست ناکات لە هەندێ پرس و دیاردەی پەیوەندیدار بە بەشداریی سیاسییەوە. لەمبارەیەوە بەپێی ئەنجامەکانی هەر یەکە لە توێژینەوەکەی صالح (2009) پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات، توێژینەوەکەی عبدالله (2010) هەستکردنی گەنجان بە نامۆبوونی سیاسی، بەو ئەنجامە گەیشتوون کە گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا، نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەکی ئەوتۆی ئاستی بژێوی و داهاتەوە لە کاتێکدا زیاتر لە سێ لەسەر چواری گەنجان لە هەڵبژاردنی (2009)دا، بەشداربوون و دەنگیانداوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە دەشێ پەیوەندی جۆری پیشە و داهاتی مانگانەی تاکەکان بە بەشداریی سیاسییەوە بگۆڕێت نەك هەر تەنها بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی و تەنانەت کولتووریی، بەڵکو بەپێی جۆر و شێوەی بەشدارییکردنیش دەگۆڕێت؛ سەرەڕای ئەوەش کە لە ئەدەبیاتی پێشوودا زۆر پێداگیریی کراوە لەسەر پەیوەندیی و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی جۆری پیشە و داهاتی مانگانە بەسەر بەشداریی سیاسییەوە، بەڵام کاریگەرییەکە سەرەڕای ئەوەی سنوردارە و زیاتر لەمەودای نێوان ئاستە هەرە خواروو و هەرەباڵاکاندا دەشێ بەدی بکرێت، بڕ و ئاراستەی کاریگەرییەکەش بەپێی کۆمەڵگا و وڵاتیش دەگۆڕێت بەجۆرێك کە وەك ئاماژەمان پێیدا، لە هیندستان و عێراق هەژارەکان زیاتر دەچنە هەڵبژاردنەکان و دەنگ دەدەن، بەڵام لە ئەمریکا بە پێچەوانەوە تا باری بژێویی تاکەکان باشتر بێت، ئەگەری بەشدارییان لە هەمان شێوەدا زیاترە.

## 4 - مۆدێلە تیۆرییەکانی پەیوەندیی پاشخانی کۆمەڵایەتی بە بەشداریی سیاسییەوە:

### 4 --1- مۆدێلی باری کۆمەڵایەتی- ئابووریی ( SES- Socioeconomic

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

:Status Model )

باری کۆمەڵایەتی – ئابووری، کە بە مۆدێلی کۆمەڵناسی و مۆدێلی کۆلۆمبیاش ناو دە برێت ( Bond and Smith 2016, chapter 11)، یەکێکە لە دیارترین ئاراستە تیۆرییەکانی بەشداری سیاسیی لە کایەی کۆمەڵناسی سیاسی و زانستی سیاسییدا. لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا هەر یەکە لە Verba و Nie (1972) لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (بەشداریی سیاسی لە ئەمریکا)، ئەم مۆدێلەیان کردە بنەما و هێڵێکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی بەشداریی سیاسی لەمیانەی سەرنجدان و بەهەندوەرگرتنی جۆری ئەو پەیوەندییە ئەرێنی و ڕاستەوانەیەی بە باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی تاکەکانەوە هەیەتی. بەواتای ئاستێکی باش لە خوێندەواریی، لەگەڵ پیشەیەك کە بڕێکی باش داهات دەستەبەر بکات وەك سێ پێوەر و ئاماژەی سەرەکی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی، تاك دەخەنە دۆخێکی باشتر لەڕووی ئاستی هۆشیاریی و لێهاتوویی و سەرچاوەی پێویست بۆ بەشداریی سیاسی؛ بەوهۆیەوەش ئەوانەی لەبارو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی – ئابووریی باڵادان، زیاتر بەشداریی دەکەن، بەڵام بە ئاست و رێژەی جیاواز بەپێی شوێن و جۆر و شێوەی بەشدارییکردن. پەیوەندی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی ئەوکاتە بەهێزتر دەبێ کە ئاراستە مەدەنییەکانی وەك کارایی سیاسی، ئامادەیی تاك بۆ بەشداریکردن لەڕووی دەروونییەوە، هەبوونی زانیاریی سەبارەت بە سیاسەت، هەستی بەخشین و یارمەتیدان لەپێناو کۆمەڵگادا لە ئاستێکی بەرزدا بێت.

بە بۆچوونی Verba et al. (1978) هەرچەندە لێکچوویی دۆخی بەشداریی سیاسیی هاوڵاتیان لە کۆمەڵگاکاندا، پەیوەندی بە لێکچوویی دۆخی ژیانی کەسی و بنیادی گرووپی و پرۆسەی سازدانەوە هەیە، بەڵام پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان هەتاوەکو ئەگەر هاوشێوەش بن لە کۆمەڵگای جیاجیادا، ئەنجامی جیاواز بەدەستەوە دەدەن، لەبەرئەوەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان لەهەر کۆمەڵگایەکدا، مەحکومن بە چوارچێوەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراوەیی دیاریکراو و تایبەتمەندییەکانی گەشەپێدانی سیاسییەوە. بە گوتەی Verba (2001) چوارچێوە و بنیادە دامەزاوەییەکانیش، هێندەی بۆ نمونە بەسەر دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا کاریگەرن، هێندە کاریگەرییان بەسەر بایەخدانی تاك بە سیاسەتەوە نییە، چونکە بایەخدانی تاك بەسیاسەت، زیاتر وابەستەی بارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەیەتی، هەر لەگەڵ گۆڕانی ئەویشدا دەگۆڕێت (p34).

سەرەڕای باوەڕبوون بەوەی کە ئەم مۆدێلە ( SES ) هێشتا لەباریدا هەیە و دەیتوانی ئەوە شی بکاتەوە کە ئەوانەی بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن، کێن؟ بەڵام بە پاساوی ئەوەی کە شیکردنەوەی پێویستی سەبارەت بە هۆکارەکانی بەشداریکردن، یا بەشدارینەکردنی خەڵکی لە سیاسەتدا، زۆرێك لەتوێژەران و تەنانەت خودی ڤێربا و هاوکارەکانیشی لە چوارچێوەی مۆدێلێکی دیکەدا بەناوی مۆدێلی(سەرچاوەکانی بەشداریی سیاسی)، پێداگیرییان کرد لەوەی کە هەریەکە لە(کات و پارە و لێهاتوویی مەدەنی)ش، گرنگن و ڕۆڵی ناوەنگیریی دەبینن لە شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی تاك بە بەشداریکردنی لە سیاستەوە هەیەتی.

### 4 - 2- مۆدێلی سەرچاوەکانی بەشداریی سیاسی:

**( A Resource Model of Political Participation)**

لە سێیەمین توێژینەوەیاندا . Verba et al (1995)بە ناونیشانی (جگە لە باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی: مۆدێلی سەرچاوەکانی بەشداریی سیاسی) ( Beyond SES: A resource model of political participation)، سەرەڕای جەختکردنەوەیان لەسەر بایەخی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی (ئاستی خوێندەواریی، پیشە و دەسهات)ی تاك سەبارەت بەشداریی سیاسی، بەڵام گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەم مۆدێلە بەبێ سەرچاوەکانی بەشداریی کە پێکدێن لە(باری دارایی، کاتی دەسبەتاڵی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارامەیی تاك لەڕووی مەدەنییەوە)، بنەمایەکی تیۆریی لاوازی هەیە بەوپێیەی کە، ئەو میکانیزمانە بەشێوەیەکی روون دیاری ناکات کە پەیوەندی پاشخانی کۆمەڵایەتی تاك بە بەشداریی سیاسییەوە رێکدەخەن (p272 )؛ بەوواتایەش، سەرچاوەکان ڕایەڵەی پەیوەندین لەنێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی تاك و بەشداریکردنی لە سیاسەتدا؛ تێگەیشتن لە جۆری پەیوەندی و رایەڵەی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی، بەندن بە سێ وەڵامی مەزندەکراو بۆ دیوی شاراوەی ئەو پرسیارەی خەڵکی لەبەرچی بەشداریی لە سیاسەتدا ناکەن؟ بەشداریی ناکەن لەبەرئەوەی کە ناتوانن، یا نایانەوێ، یان داوایان لێنەکراوە. بەواتایەکی دیکە، توانای بەشدارییکردنی خەڵکی لە سیاسەتدا، پەیوەستە بە سەرچاوەکانی بەشداریی سیاسیانەوە وەك پارە، کات و لێهاتوویی مەدەنییەوە؛ ویستیان بۆ بەشدارییکردن، پەیوەستە بەڕاددەی متمانە و بایەخدانیان بە سیاسەتەوە؛ داخوازیی بەشدارییکردنیان لە سیاسەتدا، گرێدراوە بە تۆڕی پەیوەندیی و کارتێکردنیان لە لایەن ئەندامانی خێزان و شوێنی کارکردن و دەزگا و دامەزراوە ئایینیەکان و ئەندامێتیان لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکاندا (p271 ).

پەیوەندی سەرچاوەکان بە پاشخانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانەوە چوون یەك و هاوتا نییە؛ پارەو باری دارایی و هەندێ لە کارامەییە مەدەنییەکان، پەیوەندییەکی پتەوتریان بە پاشخانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەمەش لەبەرئەوەی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نمونە وەك ئینتیما بۆ پەرستگایەك، هەرچەندە زۆر بە باری کۆمەڵایەتی – ئابوورییەوە گرێنەدراوە، بەڵام دەکرێ زەمینەیەك بن بۆ بنەما و کارامەییە مەدەنییەکان. بایەخی هەر سەرچاوەیەکیش بۆ بەشداریی، پشت بە جۆری بەشداریکردن دەبەستێ. بۆ نمونە خوێندن بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ هەندێ جۆر چالاکی سیاسی بەوپێیەی تاك تا ئاستی خوێندەواریی بەرزتر بێت، لێهاتوو و کارامەترە لەڕووی مەدەنییەوە، هەر بۆیەش زیاتر هەست بە بایەخی سیاسەت دەکات؛ هەرچی دەسهاتە بایەخەکەی بۆ هەندی جۆر لە چالاکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسی لەوەدایە کە هەر خۆی وەك سەرچاوەی دارایی بەرجەستەیان دەکات (p 271).

سەرچاوەو پێویستییەکانی بەشدارییکردن لەهەر شێوەیەکی بەشداریی سیاسی، بەپێی جۆر وشێوەی بەشداریکردن، تێچوو، رووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەك دەگۆڕێت. بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکی سیاسیدا، لە چالاکییە ئاسان و کەم تێچووەکانە، هەندێ چالاکی سیاسی هەن وەك کاری خۆبەشی لە هەڵمەتێکی بانگەشەییدا، بەشداریکردن لە ئەنجومەنی رێکخراوە خۆجێییەکان، ئەمانە پێویستیان بە تەرخانکردنی کاتێکی زۆر هەیە. کەسێکیش دەتوانێ پارە ببەخشێ کە بتوانێ برێك پارە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات، بەلام بۆ پەیوەندیکردن بە بەرپرسانەوە، نوسینی نامە یا وتارێك بۆ رۆژنامەیەك و ئەنجامدانی هەر چالاکییەك لەرێی ئینتەرنێتەوە، زیاتر پێویستی بە کارامەیی و لێهاتوویی مەدەنی هەیە. بەهەندوەرگرتنی ئەو مەترسیانەی رووبەڕووی تاك دەبنەوە لە کاتێکدا ئەگەر بەشداری لە دەربڕینی ناڕەزاییەکاندا بکات، ڕەنگە لەسەرووی بەهەندوەرگرتنی سەرچاوە و پێداویستییەکانی دیکەی بەشداریکردنەوە بێت (Levin - without year ,p4).

## 4 - 3- هەڵوەستە و هەڵسەنگاندن:

لەچوارچێوەی مۆدێلە تیۆریی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریدا، هێندەی سەرنج دراوەتە کاریگەریی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوەی کێ بەشداریی لە سیاسەتدا دەکات، هێندە سەرنجی ئەوە نەدراوە کە خەڵکی لەبەرچی بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن (Lawrence,1981, p.332)؛ سەرباری زیاد لە پێویستیش جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندیی راستەوانە و ئەرێنی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتیی تاك و بەشداریکردنی لە سیاسەتدا، بەڵام شیکردنەوەیەکی ئەوتۆ نەخراوەتەڕوو سەبارەت بەوەی کە لەبەرچی خەڵکانێك هەرچەندە کە باری کۆمەڵایەتی و ئابووریشیان باشە، کەچی بەشداریی لە سیاسەتدا ناکەن. لە ئەمریکا بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان، بوونە ئەندام و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشداریکردن لە چالاکییەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، لەجیاتی هەڵکشان بەرەو کەمی چوون؛ ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی 1979 لە ئینگلتەرا، زیاترە لە هی ساڵی 2001 . بەوواتایەش لەگەڵ ئەوەی کە لە بەشێکی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا دۆخی ژیانی تاکەکان لەڕووی ئاستی خوێندەواریی و پیشەو داهاتەوە بەرەوپێشچووە، بەڵام ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی ئەوتۆی بەسەر ئاست و شێوەکانی بەشداریی سیاسی تاکەکانەوە نەبووە (Clarke and et al . 2004, p. 39).

لەو وڵاتانەش کە نادیمۆکراسی و دواکەوتوو و ناسەقامگیرن لەڕووی سیاسییەوەو، بژاردەی سیاسیش دەسەڵاتی ئابووری دژ بە خەڵك بەگشتی و چینی ناوەندی خوێندەوار بەتایبەت بەکاردەهێنێ، هێشتا پێناچێ باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی تاك، ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێ لەچاو هۆکارەکانی دیکەی وەك پەیوەستییە خێزانییەکان، کاتی پێویست بۆ چاودێریکردن و پابەندییە پیشەییەکان، لەگەڵ جۆر و شێوە بەشداریی سیاسییە ڕێگەپێدراوەکان و ئازادی دەربڕینی بیروڕا (Sumpf , 2014, P.7). لە هەرێمی کوردستانیش پەیوەستییە خێزانییەکان، کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر ئینتیمای سیاسی و حیزبی تاکەوە هەیە بەجۆرێك کە (64%)ی تاکەکان، هەمان ئینتیمای حیزبی و سیاسی خێزانەکانیان هەیە (عزیز 2006، لا 123).

لە لایەکی دیکەوە کوا دەرفەت و هەلی یەکسان بۆ بەشدارییکردن لە بەردەم هاوڵاتیاندا لە کاتێکدا بەپێی تێزی سەرەکی ئەم مۆدێلە، دەرفەتی بەشداریی زیاتر بۆ ئەو هاوڵاتیانە دەڕەخسێ کە لە بارو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی باشتردان. جگە لەوەش، بەشداریی هەر تەنها کردەیەکی تاکەکەسی نییە وەك ئەوەی ئەم مۆدێلە گریمانەی دەکات، بەڵکو ژمارەیەك کردەی سیاسی هەن لەسەرووی پاڵنەرە کەسیەکانەوەن؛ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی، یا واژۆکردن بەمەبەستی بەرزکردنەوەی سکاڵایەك، تەنانەت دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانیشدا، چالاکی و هەڵوێستگەلێکی پەیوەستن بە کات و شوێنێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاریکراوەوە بەجۆرێك کە لە کاتی خۆیاندا نەبێت، وەك کردەی سیاسی دەرناکەون (Leighley 1995,p186).

بە گوتەی وولفینغر و روزنستون (2007) ڕێبەرانی ئەم مۆدێلە لەوەشدا بە هەڵەداچوون کە گۆڕاوی سەرەکی و ئاماژەکانی پاشخانی کۆمەڵایەتی (ئاستی خوێندەواریی، پیشە و داهات) هاوئاست بن لەڕووی پەیوەندیی و کاریگەرییان بەسەر بەشداریی سیاسیی تاکەکانەوە؛ بۆیەش ناشێ مامەڵەیەکی هاوشانیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەبێ بەجیا پەیوەندییان بە بەشداری سیاسی تاکەکانەوە تاوتوێ بکرێت (ص ص 28-29).

کەواتە مەرج نییە هەڵکشانی ئاستی خوێندەواریی و پیشە و داهات، هەمیشە میکانیزمی گونجاو بن بۆ خوێندنەوەیەکی بەجێ سەبارەت بە دۆخی جۆراوجۆری شێوەکانی بەشداریی سیاسی، بەڵکو سروشتی کۆمەڵگا لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییەوە، ئەو میکانیزم و هۆکارانە دیاری دەکەن کە گونجاون بۆ دیارییکردنی هۆکار و پاڵنەرەکانی بەشدارییکردن لە سیاسەتدا. بۆیەش پرسیارە سەرەکییەکە لەجیاتی ئەوەی بریتی بێت لەوەی کێ بەشداریی لە سیاسەتدا دەکات، دەبێ برێتی بێت لەوەی کێ بەشداریی لە کام شێوەی بەشداریی سیاسیدا دەکات؟ ڕەنگە پشتبەستن بەم مۆدێلانە بۆ شیکردنەوەی بەشداریی سیاسی لەو کۆمەڵگا و وڵاتانەدا کە هێشتا ماویانە بەدیموکراسی ببن، پێویستیان بە میکانیزم و لۆژیکێکی جیاواز هەبێت لە هی وڵاتە دیموکراسی و دامەزراوەییە پەرەسەندووەکان.

سەبارەت بە مۆدێلی دووەمیش (سەرچاوەکانی بەشدارییکردن)، چەند هەڵوەستەیەك هەن؛ هەروەك دەوترێ کە ئەو کەسانەی دەوڵەمەند و زۆرترین کات دەستبەتاڵن، مەرج نییە هەر تەنها بەشداریکردن لە سیاسەتدا، ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو بێت لێیان، بەڵکو ڕەنگە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توانای ماددیی و کاتی دەسبەتاڵیان، بۆ سەفەر و گەشتکردن، یا وەرزش و سەیرکردنی تەلەفزیۆن تەرخان بکەن (Clarke and et al. 2004, p.39). خەڵکانێکیش سەرەڕای ئەوەی پارەشیان زۆرە، بەڵام نایبەخشن، پاڵنەر هەن بۆ بەشداریکردنیان، کەچی خۆیان لە بەشداریکردن بەدوور دەگرن، داوایان لێدەکرێت بەشداریی لە سیاسەتدا بکەن، بەڵام رەتی دەکەنەوە (Fiorina, 2001, p.18).

یا رەنگە لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی جیاوازیی و ململانێی نێوان ئاستە جیاجیاکانی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی، ئاراستەیەکی پێچەوانە بەبەر شێوە و ئاستی و بەشداریی سیاسی تاکەکاندا بکات؛ لە هیندستان خەڵکانی هەژاریش دەخوازن بچنە دەنگدان تاوەکو نیشانی بدەن ئەوانیش وەك دەوڵەمەندەکان مافی دەنگدانیان هەیە (Ahuja and Chhibber, 2007, p.1). بە گووتەی sumpf (2014) لە وڵاتانی عەرەبیشدا، هەتاوەکو ئەگەر دەرفەتی کۆکردنەوەی سامانیش هەبێت، بەڵام مەرج نییە تەنانەت ئەوانەی سەر بە چینی ناوەندیشن، لێهاتوویی مەدەنیان بۆ بەشداریی سیاسی لە ئاستێکی پێویست دابێت. ڕەنگە ژینگەی پەروەردە و فێرکردنیان لەسەرەتادا نالەبار بێ و وەك پێویست دەستیان بە وەرگرتنی زانیاریی و بنەماکانی کارامەبوونی مەدەنی ڕانەگات؛ ئەمەو چ جای پیادەکردنی سیاسەتێکی سەرکوتکەر کە بەزۆری رێگر بووە لەبەردەم زەمینەی بەشدارییکردن لە چالاکی و کارامەییە مەدەنییەکان.

بیرۆکەی سەرەکی ئەم مۆدێلە، جۆرێك لە تێکگیربوونیشی لەگەڵ بیرۆکەی سەرەکی تیۆریی چەوساندنەوە (Grievance theory)دا هەیە. بەپێی بیرۆکەی سەرەکی ئەم تیۆرە، خراپی باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە ئەنجامی بێبەشکردنێکی رێژەیی و نابەرجەستەیی سەرچاوەکانی بەشداریکردن، هانی زیاتری تاکەکان دەدات بۆ بەشداریکردن لە دەربڕینی ناڕەزایی سیاسی وەك یەکێ لە شێوە دیارەکانی بەشداریی سیاسی (Lipsky 1968 و Gamson 1968)؛ بەوواتایەش دەشێ باری کۆمەڵایەتی –

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئابووریی بەدیوە نەرێنییەکەشی، هۆکار پاڵنەرێك بێت بۆ زیاتر بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە سیاسەتدا؛ بەتایبەت لە رژێمە سیاسییە نادیموکراسییەکاندا کە زۆرجار لەڕێی گرتنەبەری رێوشوێنی دامەزراوەیی شاراوەوە، رێگە نادەن تاکەکان بگەنە بارێکی کۆمەڵایەتی - ئابووریی وەها تا هەڵوێستێکی پێچەوانە بە بەرژەوەندییەکانی ئەوانیان هەبێت. ( Davi s , 1983, p. 427).

کەواتە تیۆری چەوسانەوەش هاوشێوەی تیۆری سەرچاوەکانی بەشداریی سیاسی، پشت بە باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی و سەرچاوەکانی بەشداریی دەبەستێ بۆ خستەڕووی ڕەوشی بەشداریی تاکەکان لە سیاسەتدا، بەڵام بۆ شرۆڤەی رەوشی بەشداریی سیاسی تاکەکان لەو وڵاتە دواکەوتوو و نادیموکراسیانەدا کە بێبەشکردن و خراپی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی، پاڵ بە خەڵکییەوە دەنێن تا بەشداریی لە دەربڕینی ناڕەزاییەکاندا بکەن؛ بەو واتایەش لێرەدا دەکەوینە ناو هەڵوێستێکی هەستیارەوە بەوەی کە چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە دژوارە بدەینەوە کە ئاخۆ ئەو کردە و چالاکیانەی بەناوی بەشداریی سیاسییەوە لەو وڵاتانەدا ئەنجام دەدرێن، دەکەونە کوێی چەمك و تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە بەشداریی سیاسی؟

تێگەیشتنی راستەقینەو نوێ بۆ بەشداریی سیاسی، بەندە بە بوونی کەشێکی دیموکراسی و مەدەنییەوە بە جۆرێك هەر تەنها بوونی دامەزراوەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و فرەحیزبی، بەس نین بۆ پیادەکردنی ئەو کردە و چالاکیانەی بە بەشداریی سیاسی هەژمار دەکرێن، بەڵکو لەڕووی جۆرەوە، ئەو پرۆسە و دامەزراوانە، تاچ ڕادەیەك دەتوانن زەمینەیەك بۆ بەرجەستەبوونی هاوڵاتیبوون بڕەخسێنن ( Rober t s on 2009, p.22).

دەکرێ بڵێین مۆدێلی سەرچاوەکان بۆ خوێندنەوەی واقعی بەشداریی سیاسیی

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاکەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەوروپیدا، میکانیزم و پێناوێکی گونجاوترە لە تیۆریی چەوسانەوە؛ ئەو زانیارییانەی لە رووپێوی کۆمەڵایەتی ئەوروپی (European Social Survey) لەماوەی نێوان ساڵانی 2008 بۆ 2010 وەدەستهاتوون سەبارەت بە دۆخی کارکردن و بەشداریی سیاسی گەنجان، لەبەرژەوەندی بیرۆکەی سەرەکی تیۆری سەرچاوەکان یا بەخشینی مەدەنی دان؛ لەبەراوردکردنی گەنجانی خاوەن کار بەوانەی کە بێکار بوون، کۆتا ئەنجامی رووپێوەکە دەریخستووە کە نەبوونی ئاسایشی ئابووریی و خراپی بژێوی، نەبووەتە مایەی هاندانی گەنجان بۆ بەشداریکردنێکی سەرسەخت لە ژیانی سیاسییدا (Hindenes 2016, p. 82).

لە ماوەی ڕابردوودا بەشداریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، هێندەی پرسێکی سیاسی بووە، هێندە پرسێکی ئابووری نەبووە، ئەمەش بەوپێیەی کە قەیرانی دارایی لە 2013؛ دوای رووخانی رژێمی بەعس تا تێکچوونی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێم لەرووی ئابوورییەوە، کەوتبووە جوڵە و کۆمەڵگای کوردستانی رووە و سەرهەڵدان و کارابوونی چینی ناوەند هەنگاوی دەنا. لەمبارەیەوە Boix (2003) دەڵێ تا یەکسانی لەڕووی ئابوورییەوە لەنێوان تاکەکاندا زیاتر بێت، هەلی بەشداریی سیاسی و بە دیموکراسیبوون زیاترە. بەواتای ڕەچاوکردنی یەکسانی بەشینەوەی داهات لەنێوان تاکەکاندا، دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی فشاری هەژارترین کەرتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دووبارە بەشینەوەی داهات لەسەر ئەو دەنگدەرانەی کە دەوڵەمەندن (p.3)؛ لە بارودۆخێکیشدا کە هەژموونی دەوڵەمەندەکان بەسەر دەسەڵاتەوە کەمە، چینی ناوەند لەگەڵ چینی خوارەوەدا تەباو هەماهەنگ دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەشەوە تا نایەکسانی زیاتر بێت، دەوڵەمەندەکان زیاتر بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن و هەژموونیان بەسەر دەسەڵاتەوە دەبێت، ئا لەو حاڵەتەدا، ئەوانەی سەر بە چینی ناوەندن، خوازیاری نزیکبوونەوەن لە

دەوڵەمەندەکان (Castillo, 2009, p.12 ). بەو واتایەش، زیادبوونی نایەکسانی لەڕووی ئابوورییەوە، دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی بەشداریی سیاسی لەرێزی ئەوانەدا کە داهاتیان تاڕادەیەك نزمە (Solt, 2008, p.57 ).

بەشداریکردن بەڕێژەی 58% لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم لە 2018 و کەمبوونەوەی بەراورد بەڕێژەی بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو وەک لە پیگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان و کۆمسیۆنی باڵاو سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا خراونەتەروو، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ژمارە و ڕێژەی بەشدارییکردن لە چالاکییەکانی وەك بایکۆتکردن و خۆپیشاندان و کۆکردنەوەی واژۆ و ...تاد لەسەرووبەندی قەیرانە سیاسی و داراییەکانی هەرێم، ئەو هەڵوێستانەن کە شیکردنەوەی پرسی بەشداریی سیاسیان لە هەرێمدا بەپێی جۆر و شێوەی بەشداریکردن، کردووەتە پرسێکی هاوبەش لەنێوان هەرسێ مۆدێلە تیۆریی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی، سەرچاوەکانی بەشداریکردن و چەوسانەوە. بەواتای لەلایەکەوە دەشێ کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، وابەستە بکەین بە خراپی دۆخی کۆمەڵایەتی – ئابووریی، شیکردنەوەشیان لەژێر ڕۆشنایی مۆدێلە تیۆرەکانی باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی و سەرچاوەکانی بەشدارییکردن لۆژیکیانەتر بێت، بەڵام هەڵکشانی ژمارە و ڕێژەی بەشدارییکردنی توێژە جیاجیاکانی مووچەخۆران لە چەندین چالاکی دربڕینی ناڕەزایی، شرۆڤە و شیکردنەوەیان، لەبەر ڕۆشنایی تیۆریی چەوسانەوە شیاوترە، چونکە ئەوەی خەلکی پەلکێشی بەشدارییکردن لەو چالاکیانە کرد، هەستکردنیان بووە بە بێبەشی و چەوساندنەوە لە کاتێکدا کە بژێوی و بەرژەوەندییە مادییەکانیان، کەوتە دۆخێکی خراپەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەی پەیوەندی نێوان باری کۆمەڵایەتی – ئابووریی تاك و بەشداریی سیاسی، ناشێ بەردەوام لە دۆخێکی جێگیر دابێ، بەڵکو هاوڕێك لەگەڵ ژینگە و سروشتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان، دەشێ بەردەوام ئاراستەی پەیوەندییەکە بگۆڕێ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندییەکەش پەیوەندییەکی پێچەوانە یا ڕاستەوانە بێت چ بە ئەرێنی بێ یاخود نەرێنی.

## 5 - ئەنجامەکانی تویژینەوەکە:

5 -1 - جۆر و ئاراستەی پەیوەندی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی، ڕێژەییە و بەپێی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت، هاوکات ئاماژەکانی پاشخانی کۆمەڵایەتی و شێوەکانی بەشداریی سیاسی. ئەو کۆمەڵگایانەی دۆخێکی دیمۆکراسی و مەدەنی تیایاندا باوە، ئەگەری بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەو ئەرێنی لەنێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی تاکەکان و بەشدارییکردنیان لە سیاسەتدا زیاترە، بەڵام لە کۆمەڵگا دواکەوتوو و نەریتییەکاندا، ئەگەر بێبەشکردن مایەی بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنیش بێت لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا بەرەچاوکردنی جۆر و شێوەی بەشدارییکردن، ئەوا شیکردنەوەکان هەر دەچنەوە ناو بۆتەی کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەسەر بەشداریی سیاسی تاکەکانەوە.

5 -2 - سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕاو و ئاماژەکانی پاشخانی کۆمەڵایەتی (ئاستی خوێندەواریی، پیشەو داهات) و تایبەتمەندییە کەسییەکان، لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەهەمان شێوە و وەك یەك، میکانیزم و کەرستەی گونجاو نین بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ڕەوشی بەشداریی سیاسی، لە هەندێ کۆمەڵگاشدا پەیوەستییە خێزانییەکان و تۆڕو ڕێکخراوەکانی سازدانی سیاسی، لە گۆڕاوە زۆر کاریگەرەکانی بەشداریی سیاسیین. بۆیە مەرج نییە ئەو گۆڕاو و هۆکارانەی بۆ نمونە لە کۆمەڵگایەکدا دەبنە مایەی بەشدارییکردن لە دەربڕینی ناڕەزاییەکاندا، لە کۆمەڵگایەکی دیکە خەڵکی بۆ بەشدارییکردن لە هەمان شێوەی بەشداریی سیاسیدا کێش بکەن، مەگەر لەڕووی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییەوە لەیەك بچن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5 -3 - هەر تەنها ئاستی خوێندەواریی و داهات و پیشەیەکی شیاو، بەس نین بۆ کارابوونی تاکەکان لەڕووی سیاسییەوە، بەڵکو تا چەندە ئەو گۆڕاو و ئاماژانەی پاشخانی کۆمەڵایەتی، تاکەکان دەخەنە پەیوەندییەکی سایکۆلۆژی لەڕووی هەبوونی متمانە و بایەخدان بە سیاسەتەوە، ئەمە چ جای کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو تۆڕی پەیوەندییانەی خەڵکی بۆ بەشداریی سیاسی ساز دەدەن.

5 -4 - دەرفەت و هەلی یەکسان بۆ بەشدارییکردنی تاکەکان لە سیاسەتدا، تەنها بە زەمینە سازیی سیاسی و یاساییەوە بەند نین، بەڵکو بەوەشەوە بەندن کە دۆخی ژیانی تاکەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، چەندە لەیەك دەچێت.

5 -5 - پەیوەندی و کاریگەریی گۆڕاوەکانی پاشخانی کۆمەڵایەتی بە شێوەکانی بەشداریی سیاسی وەك یەك نییە، بۆ نمونە لە هەندێک بارودۆخدا ئاستی خوێندەواریی لە هەموویان پەیوەندیدار و کاریگەرترە، ئەمەش بەوپێیەی کە دەسکەوتن و سەرکەوتوویی تاك لە بواریی پیشەیی و بڕی ئەو داهاتەی دەستی دەکەوێ، تەنانەت ڕاددەی متمانە و بایەخدانیشی بە سیاسەت، تاڕادەیەکی زۆر بە ئاستی خوێندەوارییەوە بەندن، بەتایبەت لە کۆمەڵگا کراوە و مەدەنییەکاندا.

## 6 - پێشنیازەکان:

لە توێژینەوەکاندا سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی، توێژەران لەبری جەختکردنە سەر ئەوەی کێ بەشداریی لە سیاسەتدا دەکات، جەخت بکەنە سەر ئەوەش کە خەڵکی لەبەرچی بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن. هاوکات لەتەك بەهەندوەرگرتنی پەیوەندیی و کاریگەریی ئاستی خوێندەواریی و پیشە و داهات، بایەخ بە پەیوەندیی و کاریگەریی گۆڕاوە دێمۆگرافییەکانی وەك تەمەن و ڕەگەزی

تاکەکانیش بدەن بەسەر بەشداری سیاسییەوە. ئەمەش بەوپێیەی کە مەرج نیە کەسێك دوای وەرگرتنی بڕوانامەیەکی باڵا و پیشەیەکی شیاو، ڕاستەوخۆ داهاتێکی زۆری دەسکەوێ، یا دەرفەتی بەدەستێنانی بڕوانامە و بەشدارییکردن لە شێوەکانی بەشداریی سیاسی، بۆ هەردوو ڕەگەز وەك یەك ڕەخسابێ.

## 7 - ڕاسپاردەکان:

سەرباری ڕەخساندنی زەمینەسازیی سیاسی و یاسایی لە لایەن هەموو گروپ و ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکان، هەوڵیش بدەن دۆخێکی یەکسان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بۆ خەڵکی بڕەخسێندرێ، تا هەل و دەرفەتی یەکسانیان هەبێ بۆ بەشدرییکردن لە سیاسەتدا. چەسپانی بنەما و کۆڵەگەکانی دیمۆکراسی و هاوڵاتیبوون چەندە پێشمەرجن، هێندەش لێکەوتەی بەشدارییەکی سیاسی کاراو مەدەنین.

## پەراوێز:

1 – ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزیکی دکتۆرا و وەک مەرجێک بەر لە تەواوکردنی تێزەکە، پێویستە و دەبێ بڵاوبکرێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### - کوردییەکان:

1. تەلعەت، ڕابەر (2006) گەنج و بەشداریی سیاسی– لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
2. سلطان، شیرزاد ئازاد (2010) کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری سیاسی – لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین-هەلێر.

3. عزیز، لەیلا امیر عاص (2006)، ڕۆڵی نوێبوونەوە لە گۆڕانکاری کولتووری لاوان – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر، ماستەرنامە بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئەدەبیات - زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر.
4. عبدالله، جلال احمد (2010) ڕەهەندەکانی ناموبوونی کۆمەلایەتی و سیاسی گەنجان – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەبارەی نمونەیەك لە قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، بەشی کۆمەڵناسی – کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.
5. محمد، مراد حکیم أ (2011) ڕەوشی بەهاکان لە عێراق لەژێر ڕۆشنایی تیۆری ڕۆناڵد ئنگلهارت، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە) بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر.

**2- عەرەبییەکان:**

1. الشامي، محمود محمد صالح (2011) مستوى المشاركة السياسية لدى الشباب الجامعي الفلسطيني في عصر العولمة (دراسة ميدانية على عينة من طلبة جامعة الأقصى في خان يونس)، مجلة الجامعة الإسلامية (سلسلة الدراسات الإنسانية)، يونيو، المجلد التاسع عشر، العدد الثاني، ص ص 1237–1277.
2. الزيباري، طاهر حسو مير (2006) المرأة الكردية في المشاركة السياسية – دراسة ميدانية في مدينة أربيل، أطروحة دكتوراه منشورة، أربيل، دار ئاراس.
3. سعد، اسماعيل على (1983) المجتمع و السياسه دراسات النظرية و التطبقية، اسكندريه، دار المعرفه الجامعية.
4. صالح، ميران محمد (2009) العلاقه بين المواطن والسلطه السياسيه فى المجتمع الكوردستانى: دراسه ميدانيه فى اقليم كوردستان – العراق، رساله الماجستير (غير منشوره) قسم علم الاجتماع/ كليه الاداب / جامعه صلاح الدين – اربيل.

5. عبدالوهاب، طارق محمد (2000) سايكولوجيه المشاركة السياسية – دراسة في علم النفس السياسي في البيئة العربية، القاهره، دار الغريب.
6. وولفيغر، ريموند و روزنستون، ستيڤن (2007) من يصوت، ت: فؤاد سروجى، عمان - الاردن، دار الاهليه.

### 3- فارسییەکان:

1. آل غفور، سيد محمدتقى و الغطاء، فاطمه كاشف (١٣٨٨) (2010) تأثير شرايط اجتماعى ـ اقتصادى بر مشاركت سياسى زنان در ايران، فصلنامه علمى ـ ترويجى بانوان شيعه، سال ششم، شماره٢٠، ص ص ١٤٩–١٨٥.
2. جعفرى نيا، غلامرضا (2013) بررسي عوامل اقتصادي ـ اجتماعي مؤثر بر ميزان مشاركت سياسي شهروندان شهر خورموج، پژوهشنامه علوم سياسي، سال هفتم، شماره دوم، ص ص 122-87.

### 4- ئینگلیزییەکان:

1. Ahuja, Amit and Chhibber, Pradeep (2007), Civic Duty, Empowerment and Patronage: Patterns of Political Participation in India, available at: http://www.sscnet.ucla.edu/polisci/cpworkshop/papers/Chhibber.pdf.
2. Adamson, Göran (2003) Immigrants and Political participation – Background theory and empirical suggestion, Dept. of Sociology in London School of Economics and Political Science, available at: https://fra.europa.eu/sites/default/files/fra_uploads/221Immigrants_and_political_participation_2006.pdf

3. Bond, R. Jon and Smith, B. Kevin (2013) Analyzing American Democracy, NewYork, Routledge.
4. Boix, C. (2003). Democracy and Redistribution. Cambridge, Cambridge University Press.
5. Bergström, Liza (2006), Political Participation: A qualitative study of citizens in Hong Kong, Thesis in Political Science - Karlstads university in Sweden.
6. Clarke, D Harold, Sanders, David, Stewaert, C Marianne and Whiteley, Paul (2004) Political Choice in Britain, Oxford, Oxford University press.
7. Castillo, Antonio M Jaime (2009) Economic Inequality and Electoral Participation. A Cross-Country Evaluation Paper prepared for the Comparative Study of the Electoral Systems (CSES) Conference Toronto, ON, Canada. September 6, availbale at: http://www.cses.org/plancom/2009Toronto/CSES_2009Toronto_JaimeCastillo.pdf.
8. Cicatiello, Lorenzo, Ercolano, Salvatore and Gaeta Giuseppe L. (2015) Income istribution and Political Participation: A Multilevel Analysis, Empirica Journal of European Economics, Vol.42, Issue 2, pp. 447–479.
9. Davis, Charles L. (1983) Political Regimes and The Socioeconomic Resource Model of Political Mobilization: Some Venezuelan and Mexican Data, The Journal of Politics, Vol.45, No.2, pp.422-448.
10. Dayican, Bengü Hosch (2010) Political Involvement and Democracy: How Benign is the Future of Post-Industrial

Politics? Netherland, Print Partners Ipskamp.

11. Denton, Ginger L. (2016) Political Participation in Asia: Typology of Political Behavior across Democratizing States, World Scientific, USA, Hackensack.

12. Deth, Jan W. van (2001) Study Political Participation: Toward a Theory of Every Thing? Introductory paper prepared for delivery at the Joint Sessions of Workshops of the European Consortium for Political Research Workshop "Electronic Democracy: Mobilisation, Organisation and Participation via new ICTs" Grenoble, 6-11 April: https://ecpr.eu/filestore/paperproposal/c8b57aab-51d9-4aca-b65d-4510ccfc19a3.pdf.

13. Fiorina, Morris P. (2001) Parties, Participation, and Representation in America: Old Theories Face New Realities, Originally prepared for Delivery at the 2000 Annual Meeting of the American Political Science Association, Marriott Wardman Park, Washington, DC, August 31-September 3, availbale at: https://web.stanford.edu/~mfiorina/Fiorina%20Web%20Files/Fiorina%20SOD.pdf.

14. Gamson, William A. (1968) Power and Discontent, Homewood, IL: Dorsey Press.

15. Hoffman, Michael (2012) Arab Barometer II Iraq Country Report, Available at: http://www.arabbarometer.org/wp-content/uploads/Iraq_Public_Opinion_Survey_2012.pdf

16. Harrison, Brigid C. and Dye, Thomas R. (2008) Power and Society: An Introduction to the Social Sciences, 11th edition, Boston,

ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Cengage Learning.

17. Hindenes, Adne (2016) The Economic Crisis and Political Participation Among Young People- A Multilevel Analysis of Political Participation in 23 European democracies, Unpublished Master thesis, Department of Political Science Faculty of Social Sciences, University of OSLO, available at: https://www.duo.uio.no/bitstream/handle/10852/51844/Masteroppgave.pdf?sequence=1&isAllowed=y

18. Kaase, M and Marsh, A. (1979) 'Political Action: A Theoretical Perspective', in: S.H. Barnes, M. Kaase et al. (eds) Political Action: Mass Participation in Five Western Democracies, Beverly Hills, CA: Sage, pp. 27-56.

19. Lipsky, Michael (1968) Protest as a Political Resource, Journal of The American Political Science Review, Vol. 62, No. 4, pp. 1144-1158.

20. Leighley, Jan E. (1995) Attitude Opportunities and Incentives: A Field Study on Political Participation, Journal of Political Research Quarterly. Vol. 48. No. 1, pp.181 – 209.

21. Lawrence, David G. (1981) Towards an Attitudinal Theory of Political Participation, jornal of polity, The University of Chicago Press, Vol. 14, No. 2, pp. 332-346.

22. Levin, Ines (Without Year) Political Participation is More than Just Resources: A New Approach to the Study of Civic Engagement, California Institute of Technology available at: https://www.democracy.uci.edu/files/docs/conferences/grad/2011/Ines%20Levin_paper.pdf.

23. Milbrath, L.W. (1965) Political Participation: How and Why Do People Get Involved in Politics?, Chicago, Rand McNally.
24. Norrise, Pippa (2002). Democratic Phoenix Reinventing Political Activism, NewYork, Camberidge University press.
25. Nelson, Dale C. (1979) Ethnicity and Socioeconomic Status as Sources of Participation: The Case for Ethnic Political Culture, Journal of The American Political Science Review, Vol. 73, No. 4, pp. 1024-1038.
26. Rush, Michael (2013) Politics and Society: An Introduction to Political Sociology, 2nd edition, NewYork, Routledge.
27. Russell, Keith P., Fraser, John and Frey, Bruno S. (1972) Political Participation and Income Level: An Exchange, Journal of Public Choice, Vol. 13, withot No., pp. 113-122.
28. Robertson, Fiona Mary (2009) A Study of Youth Political Participation in Poland and Romania, School of Slavonic and East European Studies (SSEES) University College London (UCL), Thesis to be submitted for the degree of Doctor of Philosophy in Political Science, available at: http://discovery.ucl.ac.uk/18725/1/18725.pdf.
29. Rokkan, Stein (1962) Approaches to the Study of Political Participation: Introduction, Journal of Acta Sociologica, Vol. 6, No. 1/2, Approaches to the Study of Political Participation (1962), pp. 1-8.
30. Ruedin, D. (2007) Testing Milbrath's Framework of Political Participation; Institutions and Social Capital, Journal of

Contemporary Issues & Ideas in Social Sciences. Dec, Vol. 3 Issue 3, p1-46. 46p.

31. Solt, F. (2008) Economic Inequality and Democratic Political Engagement, American Journal of Political Science, Vol. 52, No.1, pp. 48-60.

32. Syal, Reetika (2012) What Are the Effects of Educational Mobility on Political Interest and Participation in the Indian Electorate? Journal of Asian Survey, Vol. 52, No. 2, pp. 423-439.

33. Sumpf, Denise (2014) Political Participation of the Arab Middle Class – Motivation and Access, United Nations Economic and Social Commission for Western Asia - United Nations Sabbatical Leave Programme-Report (UNESCWA), available at: https://hr.un.org/sites/hr.un.org/files/Political%20Participation%20of%20the%20Arab%20Middle%20Class%20%20Motivation%20and%20Access_0.pdf

34. Sallach, L. David, Babchuk, Nicholas and Booth, Alan (1972) Social Involvement and Political Activity: Another View, Social Science Quarterly, Wiley, Vol. 52, No. 4 (MARCH, 1972), pp. 879-892.

35. Mark Tessler, Jamal, Amaney and De Miguel, Carolina G. (2008) Determinants of Political Participation and Electoral Behavior in the Arab World: Findings and Insights from the Arab Barometer, paper was prepared for presentation at the American Political Science Association conference, Boston, MA, August 28-31, available at: https://www.princeton.edu/~ajamal/TesslerJamalDeMiguel.pdf.

36. Tranter, Bruce and Skrbis, Zlatko (2013) Political and Social Divisions Over Climate Change Among Young Queenslanders, Journal

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

of Environment and Planning A 2014, Vol.46, No.7, pp.1638–1651.

37. Valokala, Jaber, M, Navabakhsh, M, Fathi, S. (2015) Analysis Of The Relationship Between Social Status And Social Apathy, The Research Journal of Social Sciences Vol.8, No.10, PP.22-26.

38. Vromen, Ariadne (2003) People Try to Put Us Down …': Participatory Citizenship of 'Generation X', Australian Journal of Political Science, Vol.38, No.1, pp.79–99.

39. Verba, Sidney and Nie, Norman (1972) Political Participation in America, Political Democracy and Social Equality, New York, University of Chicago press.

40. Verba, S, Nie, Norman H. and Kim, Jae-On (1978) Participation and Political Equality: A seven Nation Comparison, USA, Cambridge University Press.

41. Verba, S, Brady, Henry E, and Schlozman, Kay L (1995) A Resource Model of Political Participation, The American Political Science Review, Vol.89, No.2 (Jun), pp.271-294.

42. Vrablikova, Katerina and Cisar, Ondrej (2013) Individual Political Participation and Macro Contextual Determinants: Available at: https://www.academia.edu/4796383/Individual_Political_Participation_and_Macro_Contextual_Determinants.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ملخص

تناقش هذه الدراسة نظرياً العلاقة مابين الخلفية الاجتماعية للافراد و مشاركتهم في السياسة، و ذلك في ضوء ما ورد في النموذجين نظرية (الوضع الاجتماعي – الاقتصادي ) و (موارد المشاركة السياسية ). تبحث النموذج الاول عن علاقة كل من المستوى التعليمي، المهنة و الدخل، وفي النموذج الثاني عن علاقة إمكانية التبرع (المال)، الوقت و المهارة المدنية بالمشاركة السياسية. توصل هذه الدراسة الى ان هنالك علاقة ما بين الخلفية الاجتماعية للأفراد و مشاركتهم في السياسة، برغم ان النتائج الاختبار الميداني للنموذجين حتى الان، تدل على ان النوع و الاتجاه العلاقة المتغيرين ببعضهما البعض، نسبية و غير مباشرة، لذلك تختلف المشاركة السياسية للافراد في مجتمع الي الآخر تبعا لنوعية المشاركة، الوضع الاجتماعي – الاقتصادي، السياسي و الحالة الديموغرافية. بهذا المعنى لا يؤثر كل من المستوى التعليم، الدخل و المهنة في شتى الاوضاع و المجتمعات، تأثيرا ايجابيا على المشاركة في كافة نشاطات السياسية؛ في بعض المجتمعات و الاوضاع الخاصة، سوء الحالة الاجتماعية – الاقتصادية، العلاقات العائلية و القرابية، الشبكات و منظمات التعبيئة السياسية، من المتغيرات و الاسباب التوصيلية منعكسة إجابيا على النوع و اتجاه المشاركة السياسية للافراد. بشكل عام يبدو ان المجال و الفرصة المتساوية لمشاركة السياسية، لا يحتاج فقط الى تهيؤ البنية السياسية و القانونية، بل يلازم ايضا الى تشابه في الظروف المعيشية للناس من الناحية الاجتماعية و الاقتصادية و امتلاك المصادر اللازمة للمشاركة الفعلية في مجال السياسة.

## Abstract

This study discusses theoretically the relationship between individuals' social background and their participation in politics, that's in the light of the

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

theoretical models of the socio-economic status, and the resources of political participation.

The first model emphasizes on the existing positive relationship between individuals participate in politics and their educational level, occupation and income; Also The second model focus upon the positive relationship of the possibility of donate (money), time and civil skills with individual's involvement in politics. While According to the results of this study, there is a relationship between individuals' social background and their participating in politics, findings From the practical tests of the models mentioned reported that the type and direction of the relationship between the two variables, are relative and indirect; so the individual's political participation in each community differs according to the forms of participation, demographic variables, and the socioeconomic status and political circumstance.

Probably, the level of education, income and occupation in different situations and societies, does not have a positive impact on participation in all political activities, in some societies and special situations, low level of socioeconomic status, family relations and proximity, networks for political mobilization, reflects positively on the type and direction of political participation of individuals.

In general, it appears that the domain and the equal opportunity for political participation, requires not only

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

the political and legal structure, but also the similarities in the living conditions and peoples socioeconomic status with the necessary resources for active participation in politics.